











بۆچییە سەرسوڕهێنەکانی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەوزییە مەنمی

دایناسۆرەکان



وەڵام بە پرسیارگەلەکانی منداڵان و مێرمنداڵان




سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان


ناوی کتێب: بۆچییە سەرسوڕهێنەرەکانی دایناسۆرەکان
وەرگێڕان: **فەوزییە مەنمی**
دیزاین: شەمیران حەمید
پێداچوونەوە: **محەمەد مێرگەیی**
پیت چنین: زریان ئیبراهیم
تیراژ: ٥٠٠دانە
چاپ: چاپی یەکەم- چاپخانەی رۆشنبیری- هەولێر 2022
نرخ: ١٥٠٠ دینار

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
هەولێر- گەڕەکی ڕاستی/ نزیک گەراجی بەغدا ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤٢٧

پێرست








٢٣ـ کام دایناسۆر سەرێکی پتەوو بەهێزی هەبوو؟

٢٣ـ ئایا دایناسۆرەکان دەیانتوانی

جموجولێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دایناسۆرەکانی تر

ئەنجامبدەن؟

٢٤ـ داینا سۆرەکان چیان دەخوارد؟



٢٦ـ کام دایناسۆر سەدەها ددانی هەبوو؟

٢٥ـ بۆچی دایناسۆرەکان بەردەکانیان قوتدەدا؟

٢٥ـ کام دایناسۆرە هێلکەی دایناسۆرەکانی تری

دەدزی؟



٢٦ـ چۆن دەزانین کە دایناسۆرەکان چ شێوەیەکیان

هەبووە؟

٢٧ـ داینا سۆرەکان ڕەنگیان چۆن بوو؟

٢٨ـ چۆن دەتوانرێت، بەردینەی دایناسۆرێک

بدۆزرێتەوە؟


٢٩ـ دایناسۆرەکان لەکوێدا دەژیان؟

٣٠ـ دایناسۆرەکان چۆن لەناوچوون؟

٣١ـ ئایا تائێستاش دایناسۆرەکان زیندوون؟








لەکۆندا چەندجۆر دایناسۆر هەبووە؟



زانایان، بەردینەی زیاتر لە ٦٠٠جۆری جیاواز لەدایناسۆریان (دۆزیوەتەوە) کە بەگشتی بەسەر ٣٠ بنەماڵەدا پۆلێن کراون, هەر ڕۆژەو جۆرێکی تازە لەم گیانلەبەرانە دەناسرێن.


هەندێک لەدایناسۆرەکان زەبەلاح و هەندێکی تر بچوکتر بوون, هەندێ لەوانە گۆشتخۆرو درندەبوون و زۆرێکی تریش ڕووەکخۆرانێکی لەسەرخۆبوون.



ـ دایناسۆرەکان خشۆک بوون وەک مارمێلکە و کروکودیل و کیسەڵ و ماری ئەمڕۆی.



ـ دایناسۆرەکان وەک زۆربەی خشۆکەکان لەوشکانیدا دەژیان جەستەشیان بەپولەکە داپۆشرابوو، توێکڵێکی ڕەقی وەک توێکڵی هێلکەی باڵندەکان پارێزگاری لەهێلکەکەیان دەکرد.



دایناسۆرەکان لەچ سەردەمێکدا دەژیان؟

دایناسۆرەکان ملیۆنەها ساڵ لەمەوبەر لەسەر گۆی زەوی دەژیان، یەکەمین دایناسۆرەکان لەدەوروبەری ٢٣٠ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەژیان، دواین دایناسۆرێک کە تائێستا ناسراون، ٦٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەناوچوون.

گەر بمانەوێت مێژووی دروستبوونی مرۆڤ و دایناسۆرەکان لەسەر گۆی زەوی بەیەکەوە بەراورد بکەین، دەبینین مرۆڤ تەنیا پێنج ملیۆن ساڵە لەسەر گۆی زەوی دەژی.



ـ دایناسۆرەکان ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ، واتا نزیکەی ١٦٥ملیۆن ساڵ لەسەر گۆی زەوی ژیان.

بۆچی تیرانازروس ددانی گەورەی هەبووە؟



تیرانازروسەکان بوونەوەرانێکی زەبەلاح و گۆشتخۆر بوون, باڵای ئەم بوونەوەرە لەکاتی وەستاندا دەگەیشتە شەش مەتر، بەئەندازەی تیرانازروسی سێ ئەوەندەی ورچێکی بۆر بووە و دەمیشی بەئەندازەیەک گەورەبووە کە دەیتوانی بوونەوەرێکی هێندەی مرۆڤێک بەئاسانی قوت بدات.


- زۆربەی زانایان باوەڕیانوایە کە تیرانازرورسەکان دەیانتوانی بەخێرایی ٥٠کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا بەدوای نێچیرەکەیاندا ڕابکەن.



- ئەم وێنەیە ددانێکی تیرانازروس لەئەندازەی ئاسایدا نیشاندەدات تیرانازروس بەهاوکاری لێوە گرنج گرنجەکانی تیژی ددانی دەتوانێت گۆشت پارچە پارچە بکات.

ئایا تیرانازرۆس سوڵتانی دایناسۆرەکان بوو؟

لەوانەیە لەکۆندا بونەوەری گۆشتخۆری بەهێزتر لەتیرانازروس هەبووبێت وەکو دینو چیروس ـ وادێتە بەرچاو کە ئەم بوونەوەرە, وەک ئەم شێوەیەی خوارەوە بووە، چونکە تەنیا بەردینەیەک لەپێیە چنگاڵیەکانی پێشەوەی ئەم گیانلەبەرە دۆزراوەتەوە چنگەکانی ئەم بوونەوەرە هێندەی مرۆڤێک دەبێت هەرلەبەر ئەم هۆیە دەتوانین پێشبینی بکەین کەئەم گیانلەبەرە چەند زەبەلاح بووە.



ـ تیرانازروس واتە مارمێلکەی زۆردار. بەفەرمانڕەوایی بێبەزەیی و زاڵم دەوترێت.




ـ ئەو سێ دایناسۆرەی کە لای ڕاستەوەن هاوشێوەی تیرانازروسن، بەڵام جەستەیەکی بچووکیان هەیە.

کام دایناسۆرە بەچنگە تیژەکەی نێچیری ڕاودەکرد؟



ـ دینونیکوس واتە چنگاڵی مەترسیدار



دینونیکۆس، دایناسۆرێکی توندرەوو خوێنمژوو ترسناک بوو، ددانە باریک و درێژەکانی و نینۆکی چەماوەی زۆر بەهێزی بۆگرتن وهەڵدرینی نێچیر هەبوو، بەڵام چەکی سەرەکی ئەو چنگەدرێژ و شێوە داسیەکەی بوو کە بەسەر هەریەکە لەپێیەکانییەوە بوو.

کاتێک کە دینونیکۆس هێرشی بۆ نێچیرەکەی دەبرد، چنگەکانی وەکو خەنجەرێک بەرەو پێشەوە دەهاویشت.



ـ دلوسیراپتور زۆر لەدینونیکوس دەچوو، دلوسیراپتور واتە چەتەی خێرا.


ـ لەوانەیە دینونیکوسەکان بەکۆمەڵ هێرشیان کردبێتە سەر دایناسۆری لەخۆیان گەورەتر. گورگەکانیش هەر بەمشێوەیە هێرشدەکەنەسەر کەڵەکێویەکان، واتا یەکێک لەگورگەکان سەرنجی کەڵەکێوی رادەکێشێت و ئەوانی دیش پێش هێرشکردن گەمارۆی کەڵەکێویەکان دەدەن.



بۆچی ئەیگو ئانودون پەنجە گەورەی بەرزدەکاتەوە؟

ئەیگوئانودون دەیناسۆرێکی رووەکخۆری زەبەلاح و سەرنجراکێشی لەسەرخۆ بوو، بەڵام ئەو لەجێی پەنجەکەڵە دوونێزەی تیژی هەبوو کە لەکاتێکدا هێرشیاندەکردەسەری, بەهۆی ئەو نێزانەوە هێرشکەرەکەی دەگەڕاندە دواوە.





ـ ئێسقانەکانی باریونیکس لەکانزایەکدا دۆزرایەوە کەگڵەسورەکەی ئەم کانزایەدا لە دروستکردنی خشت کەڵکی لێوەر دەگیرا، ئەم ئێسکانە

کام دایناسۆر ماسی دەگرت؟



باریونیکس لەچاو دینونیکوس چنگی بەهێزتری هەبوو، بەڵام چونکە جەستەی قورسی هەبوو، نەیدەتوانی لەسەر قاچەکانی دواوەی بەرزبێتەوە و سود لەچنگەکانی وەرگرێت.

وەک چەکێک ئەو زیاتر سودی لەچنگەکانی وەردەگرت بۆ ماسی گرتن لەرووبارەکاندا, رێک وەک ورچە بۆرەکانی ئێستا.

گەورەترین دایناسۆر کامە بوو؟

براکیوزرروس زۆر زەبەلاح بوو, گەر ئەم دایناسۆرە ئەمڕۆ زیندوو بوایە، لەوانەیە لەبینایەکی چوارقاتیش بەرزتر بوایە. براکیوزرروس ئەوەندە زەبەلاح بوو بۆ گەیشتن بەئەژنۆکانی دەبێت خۆمانی بۆ هەڵبرین، بەڵام زانایان ئێسکەکانی یەکێک لەدایناسۆری ملدرێژیان بەناوی ئولترازرروسیان دۆزییەوە کە زۆر زەبەلاحتر و ترسناکتربووە لەبراکیوزرروس،درێژی ئەم دایناسۆرە زیاتر لە ٣٠مەتر بوو.


ـ براکیوزرروس ١٢مەتربەرزی، ٢٢,٥درێژی و ٤٥تەن کێشی هەبوو.



ـ لەگەڵ ئەوەشدا کەدیپلودوکۆسەکان لەکۆمەڵەی گەورەترین چینی دایناسۆرەکاندا

ـ لەم وێنەیەی سەرەوەدا سێ دایناسۆری زەبەلاح لەلای گەورەترین گیانلەبەری وشکانی ئەمڕۆیی، کە فیلی ئەفریقایە دەبینین.

- دایناسۆرە ملدرێژەکان لەکۆمەڵەی خێزانە سوروپودەکانن، ئەم دایناسۆرانە، بەملە درێژەکەیانەوە دەیانتوانی بەئاسانی گەڵای ئەو درەختانەی کەبەسەری درەختەکەوەبوو، بەردەستی ڕووەکخۆرەکانی تر نەدەکەوتن بیخۆن.






- گەورەترین دایناسۆر وەک براکیوزرروس دەیانتوانی زیاتر لەسەدەیەک بژین.


- دیپلودوکوس ٢٦مەتر درێژی و ١٠ تەنیش قورسایی هەبوو.

بچووکترین دایناسۆر کامە بوو؟

کۆمسۆنیاتوس بچووکترین دایناسۆرە کە تائێستا ناسرابێت. ئەم دایناسۆرە تۆزێک لەمریشک گەورەتربوو، و دەیتوانی ئەو گیاندارە بچووک و مێش و مەگەزانە ڕاوبکات کە بەقاچەکانی دواوەی دەنیشتنەوە.

- ئاپاتۆزرروس ٢١ مەتر درێژبوو،٣٠ تەن کێشەکەی بوو.






ئایا دایناسۆرەکان هێلکەکەر بوون؟



بەڵێ، دایناسۆرەکان وەکو خشۆکەکانی ئەمڕۆ هێلکەکەربوون، دایناسۆرە مێیەکان لەو هێلانانەی کە لەسەر زەوی دروستیاندەکرد، هێلکەیان دەکرد. هێلکەی دایناسۆرەکان ئەندازەی جیاوازیان هەبوو.




ـ گەورەترین هێلکەی دایناسۆر کە تائێستا دۆزراوەتەوە، هێلکەی (سوروپودی)ێکەوە بەناوی هیپسلوزرروس. هێلکەی ئەم دایناسۆرە پێنج ئەوەندەی هێلکەی مریشکە.




ـ یەکەمین هێلکەی دایناسۆری دۆزرایەوە، هی دایکە دایناسۆرێکە بەناوی پرۆتۆسراتوپس، ئەم هێلکەیە دەوروبەری ساڵی ۱۹۲۰لەوڵاتی مەغۆلستان دۆزرایەوە ساڵی ۱۹۹۳کۆمەڵێک هێلکەی دایناسۆری تر لەوڵاتی ئەرژەنتین دۆزرایەوە.



ـ سۆرپۆدەکان چاودێری بێچووەکانی خۆیان دەکرد، ئەم
دایناسۆرانە بەشێوەی گروپ دەژیان. کاتێک کەگروپەکە
جێگۆڕکێی دەکرد. دایناسۆرە گەنجەکان لەناوەڕاستی
گروپەکەدا کۆدەبوونەوە و گەورەکان بەملاولایاندا دەڕۆشتن.



ـ میاسورەکان وەکو باڵندە دەریاییەکانی
ئێستا بەشێوەی کۆمەڵ هێلانەیان
دروستدەکرد.




ـکام دایناسۆرە دایکێکی باشبوو؟


ساڵی ١٩٧٨زانایان لەو شوێنانەی کە دایناسۆرەکانی لێ
ژیاون کۆمەڵێ هێلکەو تەنانەت ئێسک پەیکەری بێچووە
دایناسۆرەکانیان تێدا دۆزییەوە. دوای ئەوە زانایان بۆیان
دەرکەوت کەمیاسور (دایکە مارمێلیکی چاک) دوای
هاتنەدەرەوەی بێچوەکانی لەهێلکە، چەندین مانگ،
پارێزگاریی لەوان دەکرد.



ئایا دایناسۆرەکان دەتوانن مەلە بکەن؟



بێگومان دایناسۆرەکان بۆ پەرینەوە لەروبارەکان مەلەیان دەکرد، بەڵام نەیان دەتوانی لەئاودا بمێننەوە ، زۆرێک لەو خشۆکانەی کە لەسەردەمی دایناسۆرەکاندا دەژیان، لەئۆقیانوسەکاندا ژیانیان دەبردەسەر، هەندێ لەوانە زۆر شێوەیان لەدایناسۆرەکان دەچوو.



ـ هەندێ لەکیسەڵەکان لەسەردەمی دایناسۆرەکاندا زۆر زەبەلاح بوون، ئارکلون تەنانەت لەبەلەمێکیش گەورەتربوو.




ـ کرونوزروس سەرێکی زۆر گەورەی هەبوو، کە لەسەری ئەم دایناسۆرە بەلایەنی کەمەوە، دوو ئەوەندەی کە لەسەری تیرانازروس بووە.

ـ موسازروس، مارمێلکەیەکی دەریایی زەبەلاح بوو.

ـ ئەم خشۆکە دەریاییانە ناتوانن وەکو ماسیەکان لەژێر ئاودا هەناسە بدەن، ئەوان وەکو دۆلفین و باڵۆنەکان دەهاتنەسەر رووی ئاو هەناسە بدەن.

ـ ئیلاسموسور وەکو دیپلودوکوس و سوروپودەکانی تر، ملێکی درێژی هەبووە، ئەم دایناسۆرە لەوانەیە کەکاتی مەلەکردن ملی لەدەرەوەی ئاوەکە ڕادەگرت کاتی ڕاوی ماسیەکان لەناکاو سەری دەخستەوە ناو ئاوەکە.


ـ ئەیکتیوسورەکان زۆر شێوەیان لەدۆلفینەکان چووە. ئەوان چاوێکی تیژیان هەبووە و زۆرخێراش مەلەیان دەکردو هەر ئەم دوو تایبەتمەندیەش دەبووە هۆی ئەوەی ماسیەکان بەئاسانی ڕاوبکەن.



ـ یەکەمین ئێسکەپەیکەر کە لەخشۆکە دێرینەکانەوە دۆزرایەوە، هی ئەیکتیوزروس بوو لەساڵی ١٨١٠، مێری و جۆزیف ئانینگ کەتەمەنیان ١٦ ,١٢ساڵ بوو، ئەم ئێسکە پەیکەرەیان لەخوارووی تاشە بەردێکەوە لەناوچەی دوریستی ئینگلتەرا دۆزییەوە.



ـ لەسەردەمی دایناسۆرەکاندا، تیمساحی دەریایش هەبوو لەشەویلاگی درێژی تیئوسور ددانی تیژو بڕندەی هەبوو، کە بەو ددانانە دەیتوانی ماسیە لەزگەیی و خزەکانی وەک کالمار بەئاسانی بەدەم بگرێت.



ئایا دایناسۆرەکان دەیانتوانی بفڕن؟

زۆربەی خشۆکەکانی کە لەسەردەمی دایناسۆرەکاندا دەژیان دەیانتوانی بفڕن، بەڵام تائەو شوێنەی کەزانایان دەزانن, هیچ کام لەم خشۆکانە سەربەخێزانی دایناسۆرەکان نەبوون، ئەم خشۆکانە ناویان ترۆسورەکان بوو, هەندێک لەوانە هێندەی چۆلەکەیەک بچووک بوون هەندێکی تر ١٢مەتر درێژییەکەیان بووە.




- پتروسورەکان دەشێت وەک باڵندەکانی ئێستا خواردنیان دابێت بەجوچکەکانیان.

- پیترانودون لەتەواوی باڵندەکانی ئێستا چ ئەوانەی کەدەتوانن بفڕن چ ئەوانەی وەکو وشترمر ناتوانن بفرن گەورەتربوون. دەنوکی درێژی ئەم دایناسۆرە باڵدارە وەکو تیرێک هاوکاری ئەوی دەکرد, تالەڕێگەی ڕاستەوە بفڕن.





ـ کیتزاڵ کوئاتل گەورەترین بوونەوەری باڵندەبوو لەتەواوی سەردەمەکاندا, ئەو لەکایتێکش گەورەتر بوو.



ـ پتروسورەکان زیاتر لە شەمشەمە وە کوێرە دەچوون, تا لەباڵندەکان. ئەوان پەڕیان نەبوو، بەڵام زۆربەیان گەندە مویەکی نەرم لەسەر جەستەیان هەبوو باڵەکانیشیان وەک شەمشەمەکوێرە پێستێکی کشاویان هەبوو.



ـ سەری دیمۆر فودون, هاوشێوەی پافین بوو, دەکرێ وا دابنرێ کەدەنوکی وەک دەنوکی باڵندەکان ڕەنگاو ڕەنگ بووە.



دیمۆ فودون

ـ زانگار بیپتر, بەدەنوکە تیژو سەرسوڕهێنەرەکەی دەیتوانی پێستی صەدەف جیابکاتەوە.



زانگار بیپتر


ـ لەوانەیە پیترۆدۆسترۆ، لەو ریشاڵە نەرمانەی کە لەناو دەنوکیا بوو، وەک پاڵاوتگەیەک کەڵکی لێوەردەگرت و بوونەوەرە وردەکانی ناو ئاوی جیادەکردەوە.



پیترۆ دۆسترۆ

تری سراتوپس چ کارێکی دەکرد بەشاخەکانی؟

تری سراتوپسی شێوەیەکی ترسناکی هەبوو، بەڵام ئەم دایناسۆرە رووەک خۆرێکی لەسەرخۆ بوو، کە زیاتر حەزی لەجوینی رووەک بوو واتا پەلاماردان، ئەو بەسودوەرگرتن لەسێ شاخە تیژو برەرەکەی، گیاندارە گۆشتخۆرەکانی دەترساند، یان بەرگری پێدەکردن لەخۆی لەبەرامبەر ئەو گیاندارانەی هێرشیان دەکردەسەری.



- خێزانی سراتوپسەکان، بریتی بوون لەو دایناسۆرانەی کە شاخ و دەورە ملێکی ئێسقانیان هەبوو کە پارێزگاری لەپشتی سەریان دەکرد.






سانترۆزرووس



پاچیر هینوزرووس

- تۆ رۆزرۆس، لەناو تەواوی بوونەوەرەکانی سەر زەویدا درێژترین سەری هەبوو، بەشێوەیەک کە دەتوانرا لەسەر سەری ئوتۆمبێلێک بوەستێت.

ـ کاتێک کەتری سراتۆپس هێرشیدەکرد، هیچ بوونەوەرێک نەیدەتوانی بیوەستێنێ ئەو کە لەفیلێکی ئەفریقایی قورس تر بوو، دەیتوانی لەکەرکەدەنیک خێراتر رابکات.





کام دایناسۆرە زرێپۆش بوو؟

ئانکیلۆ زروس، بەرگێکی چەرمی ئەستوری بەسەر جەستەوە بوو. کە پڕبوو لەدەرکەوتەی تیژوو پارچەی ئێسقانی، ئەو دایناسۆرانەی کە روپۆشێکی ئێسقانی بەسەر جەستەیانەوە هەبوو، زیاتر هاوشێوەی تانکێکی جەنگی بوون، کە دوژمن بەزەحمەت دەیتوانی شکستیان پێبهێنێت.


ـ ئەگەر بوونەوەرێک هێرشی بکردایەتەسەر ئانکیلۆزروس، ئەو لەسەر زەوی خۆی درێژدەکرد بۆ ئەوەی پارێزگاری لەسکەناسکەکەی خۆی بکات، ئەو گیانلەبەرە گۆشتخۆرانەی هێرشیان دەکردەسەر ئەم دایناسۆرە، زۆربەی ددانەکانیان بەهۆی بەرکەوتنیان بەرووپۆشە ئێسقانیەکەی ئەم دایناسۆرە دەشکا.






چاسموزرۆس

کام دایناسۆرە کلکی شاخداری هەبوو؟



ئەستگوسورەکان شاخیان نەبوو, بەڵام کلکێکی شاخداریان هەبوو کە بەم کلکە بەرگریان لەخۆیان دەکرد، ئەو تیغە درێژانەی کە بەسەر کلکی ئەم دایناسۆرەوە بوون، وەکو چزوە هەنگ ژەهراوی نەبوو، بەڵام ئەگەر بچونایە بەجەستەی هەر بوونەوەرێکدا برینی قوڵیان دروستدەکرد.




ـ ئەو پەڕەکانەی کە لەسەر پشتی ئیستگوزروس هەبووە، هاوکاری ئەوی دەکرد تا پلەی گەرمی لەشی ڕێکبخات, ئەم دایناسۆرە بەیارمەتی ئەم پەڕەکانە دەیتوانی گەرمای خۆر بگەیەنێ بەناوەوەی لەشیان و بەپێچەوانەوە, گەرمی ناوەوەی دەربکات کە فێنک بێتەوە.




ـ هەندێ لەئانکیلوزروسەکان وەک ئەیلوسفالەکان خۆی قۆقزیەکیان هەیە کە لەشێوەی کەلەسەردایە, پەلاماردەرەکانی کلکی ئەم دایناسۆرە یان بەهەڵە لێی دەبووە نێچیر, بەڵام کاتێک نزیکدەکەونەوە لێی بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دەیانبینی کە هەڵەیانکردووە!.




ـ دیپلودوکس کاتێک لەسەرپەلەکانی دواوەی بەرزدەبۆوە, تا گەڵای سەر تۆپی درەخت بگرێت، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەش فشاری دەخستەسەر کلکی.



-ئەو دایناسۆرانەی کە لەسەر دووقاچ بەرزدەبوونەوە ئەوکاتەی دەیانویست ڕابکەن، وەک تەنافبازەکان کەکاتی تەنافبازی بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنیان سودیان لەشیشێکی درێژ وەردەگرت، کلکیان بەشێوەی ئاسۆی بەرز ڕادەگرت.






کام دایناسۆر دەتوانێت قامچی بوەشێنێت؟

سوڕو پودەکان، لەگەڵ زۆربەی گۆشتخۆرەکاندا هەلسوکەتی باشیان هەبوو، بەڵام کاتێک دایناسۆری وەک دیپلودوکس دەیوست پارێزگاری لەخۆی بکات، بەکلکە درێژەکەی قامچی لەدوژمنەکەی دەدا.



ئایا دایناسۆرەکان دەیانتوانی ئاواز بخوێنن؟



هەندێ لەدایناسۆرەکان کە دەنوکێکی هاوشێوەی مراویان هەبووە, بەئەگەری زۆر بەهاوکاری سەریان مۆسیقایان لێدەدا. شاخ و تاجی ئەم دایناسۆرانە وەک بۆریەکانی ئۆرگ ناو بۆش و چاڵ بوون, زۆربەی زانایانیش باوەڕیانوایە ئەو دایناسۆرانەی کە دەنووکی هاوشێوەی مراویان هەبوو, ئەوکاتەی کە بەلووت هەناسەیان دەدا, دەنگێکی وەکو دەنگی نوساوی هاوشێوەی دەنگی بۆقیان دروستدەکرد.



- زۆربەی زانایان سەرەتا پێیانوابوو کەشاخی درێژی پاراسو رولوف هۆکارێکە بۆ هەناسەدانی ئەو لەژێر ئاودا, بەڵام شاخی ئەم دایناسۆرە هیچ رێگەیەکی نەبوو بۆ چوونە ناوەوەی هەوا.



- ئەو دایناسۆرانەی کەدەنوکی وەک مراویان هەبووە قەپۆزێکی پان و درێژیان هەبووە, کە لەکۆتایدا بەدەنوکێک لەشێوەی دەنوکی مراوی دوایی دەهات. ناوی زانینی بنەماڵەی ئەم دایناسۆرانە "هادروزروسە".



کام دایناسۆر سەرێکی پتەوو بەهێزی هەبوو؟

ئەستگوسراس سەروکەللەیەکی زۆر پتەوی هەبوو, بەشێوەیەک کە ئەگەری ئەوە دەدەن کە بەکەللە هێرشی کردبێتە سەر گیانلەبەرانی تر. روپۆشێکی ئێسقانی بەهێزی هاوشێوەی کڵاوی ماتۆڕ سواران پارێزگاری لەمێشکی ئەو دەکرد.



ـ ئایا دایناسۆرەکان دەیانتوانی جموجوڵێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دایناسۆرەکانی تر ئەنجامبدەن؟

زۆربەی گیانلەبەرەکان، هەمیشە هەوڵدەدەن سەرنجی هاورەگەزەکانی خۆیان ڕاکێشن، بەگشتی ئەمکارە لەوەرزی جووتبوندا ئەنجام دەدەن، زانایان بروایانوایە هەندێ لەدایناسۆرەکان وەکو هادروزروسەکان ئەمکارەیان ئەنجامداوە.



ـ تاجی سورولوف پێستی ئەو کە دەیتوانی وەک میزەڵان هەوای تێبچێت و پارێزگاری دەکرد.



داینا‌سۆرەکان چیان دەخوارد؟


داینا‌سۆرە گۆشتخۆرەکان تەنیا داینا‌سۆرەکانی تریان ڕاونەدەکرد. لەدەوروبەری ئەوان، بوونەوەرگەلێکی زۆری وەک خۆیان و مێروەکان، باڵندەکان، مارمێلکەکان و شیردەرە بچوکەکانی وەک مشک وهاوشێوەکانی بۆ خواردن هەبوو. داینا‌سۆرە ڕووەکخۆرەکان لاسکی ناسک و تازەی ڕووەکەکان و گەڵاو ڕەگی درەختەکانیان دەخوارد.



ـ داینا‌سۆرەکانی وەک پستیا کۆزروس دەنوکی شاخداریان هەبوو دەیانتوانی ئەم دەنوکە وەک دان بۆجوینی ڕووەکە ڕەقەکان کەڵکی لێ وەرگرن.

کام داینا‌سۆرە سەدەها ددانی هەبوو؟

هادروسورەکان سەدەها ددانی بچوکیان لەدەمدا هەبوو کە بەتەنیشت یەکەوە ریزبوون، کاتێک خواردنێکیان دەجوی ئەم ددانانە وەک ڕەندە کاریان دەکرد.





بۆچی دایناسۆرەکان بەردەکانیان قوتدەدا؟

هەندێ لەدایناسۆرەکان وەک باڵندەکان لەسیقەتۆرەیاندا وردە بەردەکانیان هەڵدەگرت, قلە بەردەکانیان قوتدەدا و لەگەدەیاندا دەیانهێشتەوە, ئەم وردە بەردانە کاری ددانی دەکرد هەر ئەو شتەی ئەم گیانلەبەرە دەیخوارد وردیان دەکرد.






- زانایان بەدیراسەکردنی بەردینەی پاشەڕۆی دایناسۆرەکان و ئەو پاشماوانەی کە لەخۆراکەکانیانەوە دۆزراوەتەوە بۆیان دەرکەوتووە کەدایناسۆرەکان چ خواردنێکیان دەخوارد.

کام دایناسۆرە هێلکەی دایناسۆرەکانی تری دەدزی؟

ئویراپتور دەنوکی بەهێزو بەمەلاشویەوە دووتیغی تیژ لەجێی ددانی هەبوو ئەم تیغانە بۆ شکاندنی هێلکەی دایناسۆرەکان وخواردنیان کەڵکی لێوەر دەگیرا. ئەم دایناسۆرە بەچنگە گەورەکانی کە لەپێیەکانیدا هەبوو, دەیتوانی بەئاسانی هێلکەکانی پێبگرێت.





ئاویرا پتور واتا (هێلکە دز).

چۆن دەزانین کە دایناسۆرەکان چ شێوەیەکیان هەبوو؟



زانایان بۆئەوەی بزانن دایناسۆرەکان چ شێوەیەکیان هەبووە، وەک لێکۆڵەرەوەکانی پۆلیس کار دەکەن گرنگترین نیشانەکانی کە ئەوان دەبوو بیدۆزنەوە بەردینەی, ئێسقانەکانی ئەم گیانلەبەرانەیە کەبەوانە دەیانتوانی ئێسکەپەیکەری تەواویان دروستبکەن. بەردینەکان لەڕاستیدا پاشماوەیەک لەئاژەڵەکان یان رووەکەکانە کەساڵەهای لەمەوبەر لەناوچوون و ئەمڕۆکە لەناو بەردەکاندا دەدۆزرێنەوە.






بەردینەکان چۆن دروستدەبن؟


ـ دووبارە دروستکردنەوەی بەردینەی دایناسۆرەکان کارێکی قورسەو ئەگەری هەیە مرۆڤ زۆربەئاسانی لەم کارەدا هەڵەبکات, کاتێک بەردین ناسەکان پاشماوەکانی ئەیگوئانودونیان دۆزیەوە, پێیانوابوو ئەو مێخەنوک تیژانەی کە لەبنەڕەتدا بەسەر پەنجەی پێیەکانیەوە بوو بەسەر لوتیەوە بووە.

١ـ لاشەی دایناسۆر لەناو لم یان لیتە (بۆ نمونە لەقوڵایی ڕووبار) دەمێنێتەوە، بەتێپەڕینی کات وردە وردە کۆمەڵێک بنەنشتەنی دایدەپۆشێت.



٢ـبەشە نەرمەکانی لاشەی دایناسۆر شیدەبێتەوە و تەنیا بەشە سەخت و سفتەکانی لاشەی وەک ئێسقانەکانی دەمێنێتەوە.







- زانایان کاتێک پەیکەری دایناسۆر بەتەواوی پێکدێنەوە، ئەوکاتە دەتوانن شێوەی تەواوی ماسولکەکانی لاشەکەی دروستبکەنەوە.


- پاشان ڕووپۆشی لەشی بەپێستێکی ئەستور دادەپۆشن. بەمشێوەیە دەتوانیت تێبگەیت کە شێوەی سەرەکی دایناسۆر چۆن بووە.



- زانایان بەپێوانەکردنی قوڵی و ئاسایی شوێن پێی دایناسۆرەکان لەنێو بەردەکاندا دەتوانن شێوە و کێشی دایناسۆرەکە مەزندەبکەن.

دایناسۆرەکان ڕەنگیان چۆن بوو؟

تائێستا کەس بەڕاستی نازانێت کە دایناسۆرەکان چ ڕەنگێ بوون، لەو پاشماوانەی کە لەبەردینەی پێستی دایناسۆرەکانەوە بەدەستهاتووە، تەنیا لەوەتێدەگەین کە پێستی ئەوان پولەکەداربووە.



- دوای تێپەڕبوونی چەند ملیۆن ساڵ، پاشماوەی دایناسۆرەکان لەنێوانی بەردە پوکاوەکاندا ئاشکرادەبن.







چۆن دەتوانرێت بەردینەی دایناسۆرێک بدۆزرێتەوە؟




بەشێوەی گشتی بەردینەی دایناسۆرەکان لەنێوان بەردی تاشەبەردەکان بەدەستدەکەوێت و دەبێت ئەوان جیابکەینەوە, هەندێ کاتیش ئەم پەیکەرانە بەسوتفە دەستدەکەون, بەڵام زۆربەی زانایان و بەردین ناسەکان لەشوێنە هەڵبژێردراو دیاریکراوەکاندا بەدوای دۆزینەوەی بەردینەکاندا ئەوان ئەو چینە (نیشتەنیانەی) کە ئەگەری هەیە بەردینەی دایناسۆرەکانی تیا بدۆزنەوە دەناسن.

ـ یەکێک لەسەرەتاییترین ئەوکارانەی کە زانایان دەیکەن, کێشانی نەخشەی شوێنی گەڕان وپشکنینە, شوێنی دۆزینەوەی هەر (بەردینەیەک) دەبێت لەسەر نەخشە تۆماربکرێ و بنووسرێت لەبەشێکی وڵاتەکان.



بەردینەکان لەچینێکی تایبەت لەبەردەکاندا دەدۆزرێتەوە, بۆ نموونە لەچینی گڵی یان قسڵی.



ـ دەرکردنی یەک ئێسکەپەیکەری تەواو لەوانەیە, چەندەها مانگ وهەفتە یان ساڵەها درێژەبکێشێت.

ـ زۆرجار ناوی ئەوکەسەی کە پەیکەری دایناسۆرەکە دەدۆزێتەوە بەشێوەیەکی فەرمی دەنرێت لەدایناسۆرەکە.

ـ دوای دانانی تەواوی ئێسقانەکان لەڕیزبەندی سەرەکی خۆیاندا, وێنەیان دەگیرێت, ئەم وێنانە هاوکاری شارەزایان دەکەن تاشێوەی سەرەکی ئێسکبەندی گیانلەبەرەکە دروستبکەنەوە.





ـ بەردینە دۆزەرەوەکان زۆرجار لەسەر پێکان ئەم جێ و ئەوجێی پێدەکەن لەسەر شوێنێکی ناهەموار.

ـ هەر بەردینەیەک لەڕوپۆشێکی گەچی دادەپۆشرێت تا لەبەرامبەر ئەگەری شکاندن پارێزگاریان لێبکرێت.


ـ زۆربەی کات بەردینە دایناسۆرەکان لەسروشت و مەودای چەند کیلۆمەترێ لەلادێیەک یان جادەیەکدایەو گروپی پشکنێران زۆربەی کات لەنزیکی ئەم شوێنە خێمە هەڵدەدەن.

دایناسۆرەکان لەکوێدا دەژیان؟

دایناسۆرەکان لەهەموو شوێنێکی گۆی زەویدا دەژیان بەردینەکان یان لەشوێنێکی زۆر دوور وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چین، فەرەنسا، جەمسەری باشوور دۆزراوەتەوە.



دایناسۆرەکان چۆن لەناوچوون؟



دەوروبەری ٦٥ملیۆن ساڵ بەر لەڕووداوە سەرسورهێنەرەکان روویدا سێ لەسەر چواری بوونەوەرانی زیندوی گۆی زەوی لەناو چوون و تەواوی دایناسۆرەکانیش لەگەڵیاندا لەناوچوون هیچ کەسێک بەڕاستی نازانێت لەوکاتەدا چی ڕووداوێک ڕوویداوە.

ـ هەندێ لەزانایان, دەڵێن: لەبەرئەنجامی تەقینەوەی گڕکانێکی بەهێزەوە دۆخی ئاو هەوای گۆی زەوی گۆڕاوە لەئەنجامدا ئەم دایناسۆرانە لەناوچوون, ئەم بیردۆزە لایەنگرانی زۆری نییە.

ـ ڕایەکی تریش هەیە دەربارەی لەناوچوونی دایناسۆرەکان ئەویش ئەمەیە ئەستێرەیەکی نەیزەکی گەورەی بەردین دەکەوێت بەگۆی زەویدا هەورێکی چڕ لەخۆڵ و تۆز ئاسمانی داپۆشی, زۆربەی ڕووەکە سەوزەکان بەبێ گەرمی و ڕووناکی خۆر لەناوچوون. لەئەنجامدا گیانلەبەرە ڕووەکخۆرەکان لەسەرما و برسیەتیدا لەناو چوون گۆشتخۆرەکانیش بەدوایاندا لەناوچوون، زۆربەی شارەزایان ئەم بیردۆزەیان لاپەسەند نییە.





ـ هەندێ لەمرۆڤەکان وای بۆدەچن، هەندێ لەخشۆکەکانی دەریایی وەک ئیلاسموزروس توانیویانە لەم بەڵایە ڕزگاریان بێت و ئەمڕۆ ڕەچەڵەکی ئەوان هێشتا لەقوڵایی هەندێ لەدەریاو دەریاچە گەورەکاندایە.




ـ ئارکیۆپتریکس وەک دانەی زنجیرێک لەنێوانی دایناسۆرەکان و باڵندەکاندایە. ئەم باڵندە دێرینە ددان و دەمێکی درێژو چنگی بەهێزی هەبووە، لەدەوروبەری ١٤٠ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەژیا.



ئایا تائێستاش دایناسۆرەکان زیندوون؟

لەگەڵ ئەوەدا کە دواهەمین دایناسۆرەکان دەوروبەری ٦٥ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەناوچوون، بەڵام هێشتاش زۆر لەبارەیانەوە باسدەکرێت. زۆربەی شارەزایان باوەڕیانوایە کە باڵندەکان بەهۆی زۆر لەیەکچوونی ئێسکبەندیانەوە لەگەڵ ڕەچەڵەکی چەند جۆرێکی دایناسۆر لەڕەچەڵەکی دایناسۆرەکانن. بۆ نمونە لەوانەیە ریشۆڵە کە لەباخچەیماڵەکانی ئێوەدا هێلانە دروستدەکات، لەڕەچەڵەکی دایناسۆرەکان بن!.





چاپخانەی ڕۆشنبیری